https://www.doi.org/10.31918/twejer.1812.3

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# لێکەوتەکانی کەلتوور لە ڕۆمانی کوردی تاراوگە
## (بە نموونەی ڕۆمانی هوتێل ئەوروپای فەرهاد پیرباڵ)

پ. ی. د. یادگار ڕەسووڵ حەمەدەمین
زانکۆی سۆران-فاکەڵتیی ئاداب
yadgar.ameen@soran.edu.iq

م. ی. کەیفی محەمەد عەزیز
زانکۆی سۆران - فاکەڵتیی ئاداب
kaify.aziz@soran.edu.iq

**پوختە**

کەلتوور وەک بابەتێکی گرنگی نێو دونیایی زانستی کۆمەڵناسی، چەندین پێناسە و ناساندنی جیاوازی بۆ کراوە، هەر یەکێک لەو پێناسانەش جەخت لەسەر گرنگی کەلتوور لە ژیانی مرۆڤ و شێوازی دونیابینیی و ئاراستەی تێفکرینیی دەکەنەوە. لەبەرئەوەی تاراوگە سەرزەمینی بەریەککەوتنی کەلتووورە جیاوازەکانە بۆ تاراوگەبوو، بۆیە تاراوگەبوو لە هەوڵی ناساندن و چەسپاندنی ناسنامەی خۆیدایە، بۆ ئەم مەبەستەش کەلتوور لەسەر کەسی تاراوگەبوو، دوو هێندە قورساییی خۆی دەردەخات، ئەوکاتەی تاراوگەبوو، لەسەرزەمینی تاراوگە، بەر کەلتوورێکی دیکە دەکەوێت، ئەوا کەسی تاراوگەبوو زەبری کەلتوورنیشاندانی بە خودئاگا یاخود ناخودئاگا لێیی دەبێتە ئەرک و نیشانی دەداتەوە. ڕۆمانی کوری تاراوگە بە شێوەیەکی گشتی ورۆمانی هوتێل ئەورووپای فەرهاد پیربال بە تایبەتی، لە نیشاندانەوەی لێکەوتەکانی کەلتوور بە هۆی جوڵە و بەرکەوتنی ڕۆژانەیان لە تاراوگە، درک بە گرنگی و قورسایی لێکەوتەکانی کەلتوور دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر کەسایەتییەکانی نێو رۆمانی هوتێل ئەورووپا، بەو شێواز و نواندنانەی کەسایەتیەکان لەمەڕ بە کۆمەڵایەتیبوون، کەلتوور وەرگرتن و ئیسنۆسەنتەریزم نواندوویانە، نیشانی داوەتەوە.

**وشە کلیلەکان**(کەلتوور، بەکۆمەڵایەتیبوون، کەلتوور وەرگرتن، ئیسنۆسەنتەریزم)

# لێکەوتەکانی کەلتوور لە ڕۆمانی کوردی تاراوگە
# (بە نموونەی ڕۆمانی هوتێل ئەورووپای فەرهاد پیرباڵ)

## پێشەکی

بێگومـان کەلتـوور کاتێـک دەبێـتە بـابەتێکی بیـر لێکـراوە، کەوا لەگــەڵ کەلتــوورێکی دیــکە بەر یەک بــکەون. بــۆ ئەم مەبەســتەش رۆماننووس(فەرهاد پیرباڵ) لەرۆمانی هوتێل ئەوروپا، بەسیفەتی تێدا ژیـان و مـانەوەی لە نێـو کەلتـووری سـەرزەمینی تـاراوگە، بەپێیـی دۆخـی ژیـان لـە تـاراوگە، لەسـەر کەسـایەتیەکانی نێو رۆمانەکەیـدا، تێــڕوانین و دونیــابینیی چەنــد کەســایەتییەکانی نێــو ڕۆمــانەکەی لەبەرامــبەر نوانــدنەوە و نیشــاندانی کەلتــووری باوانیــان بەردیــدە خســتووین. ئەم توێژینەوەیــە لەدووبەش پێکهــاتووە، بەشــی یەکەم تیۆرییە و لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژییەوە لەڕێگەی ئەو چەمکانەی لە نێـو کەلتـوور ڕۆڵیـان هەیە، شـێوازی لێکەوتـەی کەلتـوور بەرچـاو خـراوە. بەشــی دووەم پــراکتیکییە، لێکەوتــەی کەلتــوور لــە ڕێگــەی چەمکــەکانی نێــو کــەلتوور لەســەر تاراوگــەبووانی نێــو ڕۆمانەکــە، پراکتیزە کراوە.

میتۆدی لێکۆڵینەوە: ئەم تـوێژینەوەیە میتۆدی(وەسفی-شیکاری) پەیڕەو کردووە، تیایدا لە بەشی یەکەم، بەشێوەی تیۆری لە ڕوانگەی زانایـانی کۆمەڵناسـییەوە، ڕوانـگە و دیـدییان لەمەڕ کەلتـوور و ئـەو چەمکانەی لـە نێو کـەلتووردا ڕۆڵیان هەیـە، خـراوەتە ڕوو. لە بەشـی دووەم، بە شێوەی پڕاکتیکی لەسەر رۆمانەکە پراکتیزە کراوە.

سـنووری تـویژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیـە، ڕۆمـانی (هوتێـل ئەوروپا)ی، فەرهاد پیربالی بە نموونەی لێکۆڵینەوە وەرگرتووە.

ئامـانجی تـوێژینەوە: لەم تـوێژینەوەیەدا، ئامانجمـان دەرخسـتنی گرنگی و قورسـایی لێکەوتـەکانی کەلتـوورە وەک لێکەوتـەی تاراوگـە لەسەر کەسی تاراوگەبووی نێو ڕۆمانی هوتێل ئەوروپایە، لە ڕێگـەی چەنـد چـەمکێکی نێـو کـەلتوور، کـەوا لـە نیشـاندانەوەی کـەلتووردا ڕۆڵیان هەیە.

لە کۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بەپێی پیتی هیجائی ڕیزکراون.

## بەشی یەکەم

پێناسە و چەمکی کەلتوور

کەلتوور وەک لێکەوتەیەکی تاراوگە

بەکۆمەڵایەتیبوون

کەلتوور وەرگرتن

ئیسنۆسەنتەریزم

پێناسە و چەمکی کەلتوور

بۆ ئەوەی باس لە لێکەوتەکانی کەلتوور بکەین، پێویستە بۆ پێناسە و چەمکی کەلتوور بگەڕێینەوە، لێرەدا مەبەست لە چەمک و پێناسەی کەلتوور بۆ ئەوەیە، کەلتوور چەمکێکی فرە ڕەهەندە و لەنێو زانستە جیاوازەکاندا بەپێیی پرەنسیپ و بنەماکانی خۆیان پێناسە و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ کردووە، بۆ نموونە فەرهەنگی لۆنگمان( Longman Dictionary) پێیوایە چەمکی کەلتوور، (لە بواری سیاسیی، ئەدەبی، پزیشکی، زانستی کشتوکاڵی، هونەریی و موسیکی،بەکارهاتووە. لەبواری پزیشکی بۆ دۆزینەوەی بەکتریا و خانەی چالاکی گەشەسەندنی نەخۆشییە باوەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان و ئەو پرۆسێسە پزیشکیانە دەوترێت، کەلتوور. لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەم چەمکە (کەلتوور Culture) بۆ بیروباوەڕەکانی مرۆڤ، نەریت، هونەر، کە هەموویان پێکەوە ڕێڕەوی ژیانی تاک دیاری دەکەن، بەکارهاتووە

.(https://www.ldoceonline.com/dictionary/culture)

پاشـان بۆكـۆک (Bocock) سـەبارەت بـە فـرە ڕەهەنـدی چەمكـی كەلتوور (culture)، پێیوایە یەكێک لەو چەمكە ئاڵۆز و بەربڵاوانەی زمـانی ئینگلیـزییە، بەشـێوەیەک ئـاڵۆزییەكەی بـۆ قۆنـاغ و سـەردەمە یەک بەدوای یەكەكانی مێژووی زمـانی ئینگلیـزی دەگەڕێتەوە، لەهەر سەردەمێک واتایەكی تایبەتی هەبووە. چۆتە نێو چەندین زانسـتەوە، لەچوارچێـوەی پرەنسـیپ و بنەماكانیانـدا واتایـان پێـداوە، بـۆ ئەوەی مانـایەكی دروسـتی كەلتـوورت دەسـتكەوێت، پێویسـتە بەپێشـگرێک یـاخود پاشـگرێكی زانسـتی بیبەسـتیتەوە، تـاوەكو لەچوارچێـوەی زانســـتی بـــۆ گەڕاودا، مانـــایەک لە مانایەكـــانی كەلتـــوورت بداتێ[Boccock,1987,p:30]. لێرەدا ئـەوەی بـۆ ئێمـە گرنگـە ئـەو ڕوانـگە كۆمەڵناسـییەیە، كـە كەلتـوور وەک پێویسـتیەک بە ژیـانی مـرۆڤەوە پەیوەسـت دەكـات، ئـەم دەستنیشـان كردنـە كارئاسـانی بـۆ ناسـاندن و شـرۆڤەكردنەكانمان دەكـات، تـاوەكو بزانرێـت لە كـامە چوارچێـوە و پرەنسـیپی زانسـتییەوە لێكـدانەوەكانمان سـەرچاوەی گرتووە.

بۆ ئەوەی مانـای ئێسـتای چـەمكی كـەلتوور بزانین، پێویسـتە بـۆ ئـەو مانایـە بگەڕێینـەوە، كـە لـە كۆنـدا بـەم چەمكـە دراوە. چەمكـی كەلتـوور (Culture) بەپێیـی فەرهەنگـی لۆنگمـان ( Longman Dictionary)ی ئینگلیـزی، لەبنەڕەتـدا لە (cultus) زمـانی كـۆنی لاتینیـیەوە وەرگیـراوە، كە بە مانـای كشـتوكاڵ و چانـدن هـاتووە،

پاشــان چــۆتە نێــو زمــانی فەرەنســی و بــۆتە (cultura)، مــاوەی بەکارهێنــانی ئەم چەمــکەی لە زمــانی فەرەنســیدا بــۆ ســەدەی (یازده١٢٠٠-دوازده١٣٠٠) گەڕاندۆتەوە. پاشـان فەرهەنگی لۆنگمـان چەمکــی کەلتــوور (culture)ی بــۆ ئاســتی گروپێــک لە خەڵــک بردۆتــەوە، کەوا ســەرنجی بــاری ژیانیــان بەشــێوەیەکی تــایبەت لەچوارچێوەی کۆمەڵێـک بنەمـایی تـایبەت ڕێکخسـتووە، ئەم گـروپە لەڕووی کەلتوورییەوە سەرچاوەی ژیانیان بۆ پشـتە هاوبەشـەکانیان دەگەڕێـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــتەوە (https://www.ldoceonline.com/dictionary/culture).

ڕایمۆند ویلیەمس(Raymond Williams[1]) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا سـەبارەت بـە چـەمکی کـەلتوور لـە نێـو زمـانی ئینگلیزیـدا، بـەدوای ڕەچەڵـەکی ئـەم چەمکـەدا گـەڕاوە، پێیوایـە سـەرەتای بەکارهێنـانی چەمکی کەلتوور (culture) لەزمانی ئینگلیزی بۆ سـەرەتای سـەدەی پـانزە دەگەڕێـتەوە، کـەوا لەبـری (agriculture, horticulture)، کەلتـوور(culture) بەکارهـاتووە. پاشـان پێیوایـە لەسـەدەی شـانزەم ئەم چەمکە (culture) واتایەکی دیکە وەردەگرێ، بەتـایبەتی بەهـۆی نوســینەکانی فرنســیس بەیکــۆن(Francis Bacon[2])،تۆمــاس هۆبز(Thomas Hobbes[3])، ئەمانە واتایی کەلتووریـان لەچانـدن و ئاژەڵــداری، بــۆ بــابەتی ڕۆشــنبیری و ئاگــایی تــاک و کــۆمەڵگە بەکارهێنـاوە، چەمکـی کەلتـوور لێـرەوە پەیوەسـتی شارسـتانیەت و پێشـکەوتن کـراوە. پاشـان رایمۆنـد ویلیـەمس، بـۆی دەردەکـەوێت

لەسەدەی هەژدەهەمەوە ئەم چەمکە بۆ کاری هونەری هونەرمەندان بەکارهـــاتووە و پەیوەســـتی شـــێوازی کـــارکردنی وشـــیارانەی هونەرمەندان کراوە، بەشێوەیەک کارەکانیان، دەربڕی شارستانیەت و گوزارشتکەری ناخی دەستەبژێرانەی خۆیان بوون. دواتر رایمۆند ویلیەمس لە سەرنجدانی چەمکی کەلتوور لەماوەی ئەم سەدەیەدا دەگاتـــە ئەو بـــاوەڕەی، دەشـــێ چەمکـــی کەلتـــوور بـــۆ هەریەک لەبوارەکانی (موسیک، ئەدەب، وێنەکێشان، پەیکەرتاشی، شانۆ، فیلم) بەکارهێنرا بێت[Williams, 1983, p:87].

ڕایمۆند ویلیەمس لە لێکۆڵینەوەی ئەم چەمکەدا و بەکارهێنانی لە زانستی کۆمەڵناسی، بۆ دوای سەردەمی ڕۆشنگەری گەڕاندۆتەوە، بەتایبەتی دوای نووسینەکانی هێردەر(Herder[4])، کەوا ئەم چەمکەی بـۆ ئەو پەرەســەندنە مێژووییـانەی کـۆمەڵگەی ئەورووپـی لەمـاوەی سەدەکانی پێش ڕۆشنگەری و چۆنیەتی گواستنەوەیان لە سەدەیەک بـۆ ســەدەیەکی دیـکە پەیوەســتکردووە[ Williams,1983,p:89]. لەوەش زیـاتر سـتیوارت هـاڵ پێیوایـە چەمکـی کەلتـوور لەسـەدەی نۆزدەهەمەوە بۆ گرووپێک یاخود نەتەوەیەک، کەوا هەموویان پێکەوە بەشدارییەکی کارایان هەیە و ڕێچکەیەکی دیاریان بۆ ژیانی خۆیان کێشـــاوە، ئەم پێکەوەبـــوونە بەهـــا و مانـــایەکی بۆیـــان هەیە، بەکارهاتووە[Hall,1992, pp:231-233].

پێناســـەی جیـــاوازی کەلتـــوور لـــە فـــرە ڕەهەندییەکەیـــەوە بەرهەمهێنـــراوە، هەر یەکێـک لەو پێناســانەش لە جیـاوازی جـۆری

زانســـتەکانەوە تێیڕوانــراوە، بــۆ نمــوونە لەبــواری کۆمەڵناســـی و مرۆڤناسیەوە بۆ پێناسەکردنی کەلتوور، تایلەر ئەم جۆرە تێڕوانینەی هێنــــاوەتە پێشـــــەوە، بەوەی کەلتـــــوور، پەیوەســــتی چـــــالاکییە کۆمەڵایەتییەکــانی وەک ئەفســـانە، ئــاین، زمـــان، هــونەر و نەریــت دەکــات[Taylor,1985,pp:201-280]. ئەم ناســـاندنەی کەلتـــوور، تایلـــەر لـــە کتێبـــی(primitive culture) کردوویـــەتی، زیـــاتر ناسـاندنێکی(وەسـفی–شـیکارییە Descriptive-analysis)ە، تیایـدا بـــۆ ئـــەو ســـەرەتایانەی کـــەلتوور گەڕاوەتـــەوە، کـــەوا چالاکییـــە کۆمەڵایەتییەکانی لێوە دەنوێنرێت.

بۆ پێناسـەکردنی کەلتوور، دیدێکی دیکە هەیە، ویلیـەمس پێیوایـە ئەم دیـــدە لەلایەن هـــۆبز (Hobbes)خاوەنـــدارییەتی دەکرێـــت، دەڵێت:((کەلتـوور شـێوازی بیرکرنەوەیە))[Williams ,1985,p87]، ئەم تێـڕوانینەی لەمـەڕ کەلتـوور بەشـێوازی ژیـانکردنی خەڵـکەوە پەیوەستکراوە، پێیوایە کەلتوور نۆرمی ژیانی خەڵکە، بەوتنێکی دیکە ئەوە کەلتوورە فۆڕمی ژیانی خەڵک دیاریدەکات، وەکو میتۆدێک وایە تـاوەکو تاکەکـانی کـۆمەڵگە دەسـتی پێـوە بگـرن و بـۆ دیـاریکردنی ڕێـڕەوەی ژیانیـان لەسـەری بـڕۆن. دەروونناسـەکانیش لەپێـدانی پێناسـەیەک بۆ کەلتـوور بێبەش نەبوون، ( Garrick Bailey and James Peoples) بـۆ کەلتـوور وەک دەروونـناس سـەرنجیان خســـتۆتەڕوو، پێیـــانوایە،((زۆربەی خەڵـــک لەژێـــر کاریگەریەکـــانی کەلتـــوور، ڕەفتارەکانیـــان ئەنجـــام دەدەن، ئەمەش بـــۆ تێگەیشـــتن و

زانینـــی دۆخـــی کەســـەکان یارمەتیـــدەرە)) [ Bailey and peoples,2010,p:23]، ئەم پێناسـەیە پتر لەڕوانگەی دەروونییەوە سـەرنجی خسـتۆتە سـەر کەلتـوور، وایـداناوە دەروونـی تـاک بـۆ گونجـان و چارەسـەرییەکان وەک هۆکارێک ئەوەندەی بۆ کەلتـوور دەڕوانێ، ئەوەندی تر لایەنەکانی دیکە کاریگەریان نییە.

بـۆ پێناســەکردنی کەلتــوور تێروانینێکــی دیــکەش هەیە، دەڵــێ: ((دەتـوانرێ کەلتـوور بەو بەشـە لە ژینگە دابنرێ، کە دروسـتکراوی دەسـتی مـرۆڤە))(وسـووقی و خولـق،٢٠١٣،ل١٢٨)، ئـەم پێناســەیە پێیوایە مادام مرۆڤ لە دروستکردنی ژینگەیەک بۆ تێدا ژیان ڕۆڵی هەیە، کەوابوو کەلتووریش داهێنراوی دەستی مرۆڤە، ئەم شێوازی تێڕوانینە، کەلتوور پەیوەستی ژینگە دەکات و بە بەشێک لەژینگەی دەزانـــێ، لەگەڵ هەر گۆڕانکارییـــەکی ژینگەیـــی، مـــرۆڤ دەتـــوانێ ئەمـانیش (کەلتـوور)بگۆڕێـت. بـەم هۆیـەوە سـتیوارت هـاڵ پێیوایـە کەلتوور، دەشێ بکرێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتی، بەشێوەیەک لەڕێگەی کەلتوورەوە، بگەینە سەرچاوەی ڕەسـەنییەت و پەیدابوونی نەتەوە یـاخود گـروپ و دەسـتەیەک[Hall,1992, pp:231-233]. ئەوەی ئەم پێناسەیە لە پێناسەی چوارەم جیایدەکاتەوە ئەوەیە، کەوا ئەم گروپ و دەستەیە یاخود نەتەوەیە سیمبوڵێک دروست دەکەن، فرە ڕەهەندی ئەم سیمبوڵە، دەشێ لە ڕێگەی وێردی زمانەوە ڕۆژانە چەنـدینجار دووبـارە بکـرێتەوە و بەشـێوەیەکی کـرداری پراکتیـزە

بکرێ. کەلتوور لێرەوە بۆ تێخوێندنەوەی مرۆڤ و سەرچاوەی ڕەسەنییەت یارمەتیدەرە.

## لێکەوتەیەکانی کەلتوور

بۆ ئەوەی وردتر سەرنجەکانمان لەمەڕ کەلتوور وەک لێکەوتەیەکی تاراوگە لەنێو ڕۆمانی کوردی تاراوگە(هوتێل ئەورووپا) نیشان بدەین، چەند چەمکێک لەنێو کەلتوور هەن، پێویستە شرۆڤەی بکەین. کەسایەتیەکانی نێو رۆمانی کوردی تاراوگە لەبەرهەمهێنانەوەی ئەم چەمکانەدا بە ئەدگاری جیاواز، ڕۆڵیان هەیە، بەو مانایەی ئەم چەمکانەی نێو کەلتوور لەسەر کەسایەتیەکانی نێو رۆمانی کوردی تاراوگە بە هۆکاری جیاواز کاریگەری خۆیان دەنوێنن، بە ئاگایی یاخود نائاگایی لە تاراوگە ئەم چەمکانە بەرهەم دێننەوە.

سازان و گونجانی تاک لەنێو کەلتوورێکی جیاواز لەهی خۆی، لەسەر پڕۆسەی ئەم چەمکانە دەوەستێت، بۆ ئەوەی باشتر پڕۆسەکان شیی بکەینەوە پێویستە بۆ چەمکانیان بگەڕێینەوە، کەوا لەنێو کەلتوور و لەچوارچێوەی زانستی کۆمەڵناسیدا قورسایی خۆیان هەیە.

### یەکەم: بەکۆمەڵایەتیبوون (Socialization)

بەکۆمەڵایەتیبوون وەک پڕۆسەیەکی نێو کەلتوور، ئەوەندەی پەیوەندی بە کۆمەڵناسییەوە هەیە، ئەوەندەی دیکە پەیوەندی بەدەروونزانییەوە هەیە، لەبەر ئەوەی پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون بە

دیویکدا پەیوەندی بەکۆمەڵگەوە هەیە و بەدیویکی دیکەیدا پەیوەندی بەخـــــودی تاکەکەســـــەوە هەیە. ئیمیـــــل دۆرکهـــــایم بەکۆمەڵایەتیبوون(Socialization)، بەفاکتەکانی کۆمەڵگە( social facts)ی پەیوەستکردووە، لەنێو فاکتەکانیشدا دەست پێوەگرتن و پاراستنی دیاردەی کۆمەڵایەتی، بەها، نۆرم و باوەڕەکان، بۆ مانەوەی تاک وەک بوویەکی سەربەخۆ لە نێو دونیای کەلتووریکی جیاواز لە کەلتووری خۆی یارمەتیدەرە. فرۆیدیش پێیوایە پاراستن و مانەوەی بەهاکانی تاک وەکو خۆی پەیوەستە بە منی باڵا (superego)، کەوا بەهۆیەوە تاک لەهەوڵی کۆنترۆڵکردنی خۆیەتی، لەڕێگەی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون پاراستنی ئەم سەربەخۆییە دەستەبەر دەکات[IvarFrønes,2016,p:11].

بەکۆمەڵایەتیبوون (socialization)ی تاکی کورد لەنێو رۆمانی کوردی تاراوگەدا، پڕۆسەیەکە بەهۆیەوە تاراوگەبوو دەتوانێ سازان و گونجان لەگەڵ هاولاتیانی ولاتی خانەخوێ فەراهەم بکات و بکەوێتە نێو دۆخی سیستەمی ژیانی ئەو مەڵبەندە ژیارییە و تێکەڵاوی ژینگە، نۆرمی کۆمەڵایەتی و بەها کەلتوورییەکانی ولاتی خانەخوێ بێت، بەڵام نەتوانەوە و نەچونە ژێرباری تاراوگەبوو، بۆ کەلتووری ولاتی خانەخوێ وەک دیسکۆرسێک سەرلەبەری ڕۆمانی کوردی تاراوگەی ڕەنگڕێژ کردووە، تاراوگەبوو وەک بوویەکی سەربەخۆ لە ڕێگەی منی باڵاوە لەهەوڵی پاراستن و دەست پێوەگرتنی بەها ، نۆرم، باوەڕەکان و دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندایە.

لە بــــاریکی دیـــــکەی بەکۆمەڵایەتیبوونــــدا، هەنــــدێکجار تاکەکان(تاراوگـــەبوو) تووشـــی لێکـــدژی نێـــوان نـــۆڕم و بەهـــا کەلتوورییەکـانی خـۆیی و وڵاتـی خـانەخوێ دەبێـت، ئەم دۆخە بـە (culture Shock[5]) ناوزەنـد کـراوە، بەوەی تـاک لە تـاراوگەدا هەندێک نۆڕمی کۆمەڵایەتی هەیە، پێیـی قـەبووڵ ناکرێت. هـەروەک ئلیزابێس مـارکس Elisabeth Marx[6] شـۆک کـەلتوور ( culture Shock) بـۆ بەرکەوتنـی کەسـێک بەکەلتـوورێکی تـازە دەگێـریتەوە، پێیـوایە لە دەرەنجـامی کـاردانەوەی بـۆ کەلتـووره تـازەکە چەنـدین لێکەوتە لەسەر خودی کەسە جێدەهێڵێت، لەوانە: سـەر لـێ شـێواوی لەئەنجامـدانی کارەکانیـدا، نیگەرانـی، بێهیـوایی، ورووژان، رەفتـاری نەگونجاوی کۆمەڵایەتی، بێهێزی و کەم توانایی، هەستی گۆشەگیری، دڵ تونـدی و خەمگینـی بەمەش لەسـەر شـێوازی ژیـان و تێڕوانینیـدا کــــــاریگەری هەیە(Marx,Elisabeth,1999,p:5). لــــــەبارەی کاریگەریەکانی شۆک کەلتوور کالیرڤۆ ئۆبێرگ (kalervo Oberg[7]) جەخـت لەسـەر بێهیـوایی، هەسـتی خـۆ ونکـردن، نەگونجـان لەگەڵ ژینگەی نـوێ دەکـات. پێیـوایە لە پرۆسـەی بەکۆمەڵایەتیبـوون، ئەم کاریگەریانەی سەرەوە دەتوانرێت کەم بکرێتەوە کاتێک تاراوگەبوو دەربـارەی خەڵـک و شـێوازی ژیـانی خەڵکـانی وڵاتـی خـانەخوێ شـــارەزایی زیـــاتر و ورد پەیـــدا دەکـــات، لەمەش زیـــاتر پێیـــوایە تـــاراوگەبوو بەبـێ ئـەوەی خـۆی فێـری زمـانی خەڵکـانی وڵاتـی خانەخوێ بکات، ناتوانێ لە کاریگەرییەکانی (culture Shock) کەم بکاتەوە، لەبەر ئەوەی زانینی زمان، بۆ پەیوەندیکردن و تێکەڵاوبوون بنەمـــا و هۆکـــارێکە، کەوا لێـــیەوە نیگەرانـــی و دوو دڵییەکـــانی تاراوگەبوو دەڕەوێتەوە[Oberg,2006,Pp:142-146].

## دووەم: كەلتوور وەرگرتن (Acculturation[8])

لەپەرتـووكی پێشـەكیەك بـۆ كۆمەڵناسـی، (Zerihun Doda[9]) پێیـوایە كەلتـوور دوو ئاراسـتەی گـۆڕاو و جێگیـری هەیە، بەیەكەوە ئەم دوو ئاراســـتەیە لەبەرهەمهێنـــانی كەلتـــوور ڕۆڵیـــان هەیە، ئاراسـتەی جێگیـر، بەمانـای بەرهەمهێنـانی ئەو نەریت و بەهایـانەیە، نەوە لەدوای نەوە بەهەمـان مانـا و تێگەیشـتن بەرهەمـی دێنـنەوە، هەرچی كەلتووری گۆڕاوە بەهۆی داهێنان و خۆگونجاندنی دۆخێكی تازەی پێشهاتوو، دەشێ كەلتـوور بگۆردرێ[Doda,2005,p:7]. لە نێو پرۆسەی كەلتوور وەرگرتن دەشێ سەرنج بخەینە سەر ئەم دوو ئاراستەیەی كەلتـوور و بەسـەر تاراوگەبووەكاندا پراكتیـزەی بكەیـن، بەشێوەیەك ئاراسـتەی یەكەم بۆ نەوەی دووەم و ئاراسـتەی دووەم بۆ نەوەی یەكەمی تاراوگە ببەینەوە. لە تێڕوانینی(Zerihun Doda) ئاراسـتەی یەكەمـی كەلتـوور پێیدەوترێت گـۆڕاو (changing)، كەوا لەســەر نەوەی دووەمــی تــاراوگە جێبەجــێ دەبێــت، بەشــێوەیەك منداڵێكی لەدایكبووی تاراوگە، لە نێو كۆ سیستەمی بیر و كەلتووری تاراوگە چاوی بەدونیا هەڵهێناوە، هیچ كاردانەوەیەكی بـۆ كەلتـووری وڵاتـی خانەخوێی نییە، زۆر بەئاسـانی دەتـوانێ وەریبگرێت، چـونكە ئەو منـداڵە پێشـتر كـۆپی هـیچ كەلتـووڕێكی دیكە نەبـووە. ئاراسـتەی دووەم: جێگیرە (stable)، كاتێـك تـاكێكی پێگەیشـتوو لە ڕووی بەهـا و نــۆرمە كۆمەڵایەتییەكــانەوە، كەســایەتییەكی چەســپاوی لەســەر كەلتـووری بـاوانی بنیادنـاوە، بەكەلتـووری وڵاتـی خـانەخوێ نـامۆیە، پرۆســـەی كەلتـــوور وەرگـــرتن مـــاوەیەكی زۆری پێویســـتە تـــا كاریگەریەكـانی لەسـەر تـاراوگەبوو دەردەكەوێت، ئەگەرچـی ئەوەش دەزانـــین دوای چەنـــدین ســـاڵ مـــانەوەی لە وڵاتـــی خـــانەخوێ

دەستبەرداری بەشێک لە کەلتووری باوانی دەبێت و هەڵگری بەشێک لەکەلتـــووری وڵاتـــی خـــانەخوێش دەبێـــت، ئەم دیـــاردەیە کاتێـــک ڕاســـتەوخۆ دەردەکەوێـــت، کەوا کەســـێک ژنێـــک بخوازێـــت ســـەر بەکەلتووری وڵاتی خانەخوێی بێت، ئەوا لێرەوە باشتر وێنەکە خۆی دەردەخـات، کاتێک هەوڵدەدات زمـان و بیرکـردنەوە و تەکنەلۆژیـای وڵاتـی خـانەخوێ فێـر بێـت، ناخودئاگـا فێـرە کەلتـوورەکەش دەبێـت، بەپێی تێپەڕینی کات، کەسایەتییەکی دەبڵ کەلتووری لێوە دروست دەبێـت، ئەوەش دەزانـــین کەســـی تـــاراوگەبوو، دەشـــێ خۆیشـــی کاریگەری بەسەر کەلتووری وڵاتی خـانەخوێ هەبێت، لەڕێگەی داب و نەریت، شێوازی مامەڵەکردن، خواردن، جل و بەرگ، نەریت....هتد، چونکە ئەمانە ڕەگەزێکی دیاری کەلتووری مەعنەوین، تـاک نـاتوانێ دەستبەرداری بێت.

## سێیەم: ئیسنۆسەنتەریزم (Ethnocentrism[9])

ولیام گراهام سمنر(William Graham Sumner[10]) پێیـوایە ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ گوزارشتکردنی دید و دونیابینی خودیـانەی کەســـێک کەوا مەیـــل و ئـــارەزووی بـــۆ بەشـــکۆ و شـــانازیکردنی گـروپەکەی یـاخود کـۆمەڵەکەی هەیە و ئەوانـی تـر بە ناپەسـند و نەشیاو دەزانێت. هەروەها سمنر پێیوایـە ئیسنۆسـەنتەریزم چەمکێکە بە تەکنیکـی نیشـاندان و دووبـارە بەرهەم هێنـانەوەی پیرۆزییەکـانی تاراوگەبوو دەزانرێت، کەوا لە گروپەکەی خـۆی نـرخ و بەهـای هەیە و خـۆی بەسـەنتەری هەمـوو شـتەکان دەزانێت، بەمەش لەبەرامـبەر ئەوانـــی دیـــکە ئیسنۆســـەنتریزم دەکـــاتە پێوەرێـــک لێـــیەوە ڕێـــژەی بەراوردکـردن و نیشـاندانی کەلتـوورەکەیەتی. لەدیـدی سـمنرەوە ئەم

چەمکە(ئیسنۆسەنتەریزم) جیاوازیکردنە لەنێوان( in group) و (out group)، بەهۆیەوە تاراوگەبوو لەتاراوگە وەک سەرچاوەیەک بۆ خۆ گونجاندنی لەگەڵ دونیای دەرەوە و ناوەوەی خۆی چاوی لێدەکات [Sumner,1911,pp:15-16]، پاشان هاڵ و گەی (HALL and GAY) پێیانوایە ئەم چەمکە(ئیسنۆسەنتەریزم) بەسەر دوو ڕەهەندی دژ بەیەک ئاراستە وەردەگرێت، یەکێکیان پۆزەتیڤە، ڕۆڵی لە بەرزکردنەوەی هەستی کۆمەڵایەتی و وەفاداری، دروستکردنی گروپی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی (ڕەوەند، جالیە) هەیە، بە هاندەرێک بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی سەر بەو ئیتنۆسە دەزانن، کەچی ئاراستەکەی دیکە نێگەتیڤە، لەبەردەم هەر پێشهات و نوێکردنەوەیەکی فیکر و ئەندێشەیەکی هاوردە ڕێگرە، کەوا تاراوگەبوو پێیوایە، ناپەسندن و رۆڵیان لەتێکدانی کۆمەڵگەدا هەیە، بۆیە کەلتووری نەتەوەکەی بە بەهاو بەبڕشت دەزانێت( HALL and GAY,2003,p:88).

ئەم چەمکە(ئیسنۆسەنتەریزم) بۆ تاراوگەبوو لەسەرزەمینی تاراوگە لە پێناو نەفەوتان و مانەوەی کەلتوورەکەیەتی، کەوا بریتییە لە ڕۆحێکی خەباتکارانە، تیایدا بیرکردنەوەیەک دێنێتە ئاراوە، بەباڵاگرتن و سەرتر زانینی کەلتووری نەتەوەیی لێوە دەخوێندرێتەوە، بەشێوەیەک کەلتووری بەرامبەرەکەی بەناشیرین لە قەڵەم دەدات، لەنێوان کەلتووری خۆی و کەلتووری بەرامبەر جۆرە بەراوردکردنێک دێنێتە ئاراوە، بە هەموو پێوانەیەک کەلتووری خۆی لەچاو کەلتووری میللەتانی دیکە، بەشارستانی و ڕەسەن و شایستەی تێدا ژیان دەزانێت. ئەم شێوازی تێڕوانینە لە ڕۆمانی کوردی تاراوگە دەبینرێت، کەوا هەردەم پەسنی کەلتووری نەتەوەی

خـۆی، بەسـەر کەلتـووری وڵاتـانی خـانەخوێ دەکـات، بەوەیـکە کەلتووری نەتەوەی خۆی، هاوکاری و سۆز و یارمەتی زیاتری بۆ بەرامبەر لەخۆیدا هەڵگرتووە، ئەمە بەخاڵێکی جەوهەری دادەنێت و دەیکاتە مەسەلەیەک بۆ ژیاندۆستی و مرۆڤ دۆستی، لەبەرامبەردا، کەلتـوورەکەی دیـکە ئەمەی کەمتـر تێـدا دەردەکەوێـت. لێـرەوە لەڕوانگـەی ئیسنۆسـەنتەریزمەوە دەشـێ بـایەخ و بەهـای کەلتـوور لەسەر تاک دەربخەین.

١-کەلتوور، وێناکردن و بیرکردنەوە و هەستکردن بۆ تاک دەستەبەر دەکات، بەپێی سروشتی ئەو کەلتوورەی تیایدا ژیاوە، لەسەر بەها و نەریت گەلێک پەروەردە دەکرێت لەسەر ژیانی کاریگەریان دەبێت.

٢-کەلتـوور، بـۆ تاکەکـان راڤەگەلێکـی ئامـادە لەبـارەی سروشـت و گەردوون و بنەچەی مرۆڤ و خولی ژیانییەوە دەستەبەر دەکات.

٣-کەلتـوور ئەو مانـا و پێـوەرانە بـۆ تـاک دەسـتەبەر دەکـات، کە دەتـوانێ لەکلاورۆژنەیـانەوە ڕاسـتی و هەڵەی شـتەکان لەیەکتـری جیابکاتەوە .

٤-کەلتوور بۆ تاک گەشەپێدەری ویژدانی زیندووە، بەجۆرێک دواتر ئەو ویژدانە بەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانیەوە دەبێتە چاودێرێکی بەهێز.

٥-کەلتوور، هەستی ئینتما و لایەنگیری لای تاکەکان گەشەپێدەدات.

٦- لەچوارچێوەی ئەو هەڵسوکەوت و رەفتارانەی کۆمەڵگە قەبووڵی کردوون، کەلتوور ئاراستە و رەفتارە گشتییە راست و دروستەکان دەستەبەر دەکات( ئیبراهیم، ٢٠١٢، ل٨-٩).

بەســـەرنجدانمان لـــەم چەمکانـــەی نێـــو دونیـــای کەلتوور(بەکۆمەڵایـــــەتیبوون، کـــــەلتوور وەرگـــــرتن، ئیسنۆسـەنتەریزم)وای لێ فـام دەکرێت، کـەوا پەیوەنـدی کەلتـوور و کـۆمەڵگە تێکچـرژاوە، لەنێـو ئەم پەیوەنـدیەدا، کـەلتوور و کۆمەڵگـە بەســـەر دوو بـازنە دابەش دەبـن، بەشـێوەیەک بـازنەی گـۆمەڵگە فراوانترە لەبازنەی کەلتـوور، بەو مانـایەی بازنەی کەلتـوور دەچێتە نێـو بـازنەی کۆمەڵگە، بێگومـانیش کۆمەڵگە یەکێک لەپێکهێنەرەکـانی تاکەکانی نێویەتی، لێرەوەیە کەلتوور کاریگەری لەسەر تاک دەبێت و بەیەکەوە پەیرەوی سیستەمی کەلتوورەکەیان دەکەن. جۆرج سیمیل لەپەیوەنـدی نێـوان کەلتـوور و کـۆمەڵگە و بازنەکانیـان، نـاوی بـۆ دانـــاون، کـــۆمەڵگەی بە (macro) و کەلتووریشـــی بە(micro) ناوزەندکردووە، پێیوایە کۆمەڵگە لە کەلتـوور گەورەتر و فراوانترە. ئێمەش لەم تێروانینەوە دەشـێ لەنێو خـودی کەلتـوور جـارێکی دیکە بۆ چەند بازنەیەک دابەشی بکەین بەشێوەیەک هەموو بازنەکان لەنێو خۆیاندا بەسەر یەکەوە کەلتوور پێکدێنن. کەلتووری هەر نەتەوەیەک وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ دەتوانین بە (macro) ناوی بنێین لە چاو کەلتووری کەس و گروپ و دەستە و ئاینی جیاواز لەچاو کەلتووری گشـت. کەلتـووری تـایبەت، دەشـێ بە (micro) نـاوی بـبەین، کەوا هۆکاری بەردەوامبوونی کەلتووری گشتە، هەروەکو چۆن(micro) یارمەتیدەرە بۆ بەردەوامبوونی( macro)، چونکە لەئاستی(micro)

هەر هۆکـــار و بەرەو پێشـــچوونێک هۆکـــارە بـــۆ گەشـــەی مایکرۆ(macro)(William Little§, open text, ch1) .

لـەم ڕوانگەیـەوە(HALL and GIEBEN) کەلتوور بەسـەر دوو ئاست دابەش دەکەن، ١/ئاستی گشتی، لەم ئاستەیدا بۆ ڕوانگەی دۆرکهـایم گەڕاونەتـەوە، کـەوا دۆرکهـایم ئەم ئاسـتەی لەسـەر بنەمای(collective representations) ناوناوە، مەبەستی ئەوەیە، کەوا کەلتوور لەخۆگری باوەر، بەها، ڕەمز و سیمبوڵ، ڕەوشت، بیر، ئەمـانە بنەمـای پێکهـاتەی کەلتـووری کـۆمەڵگەیەکە، لەلایەن تاکەکانییەوە مانـای پێدەدرێت و پراکتیک دەکرێت، بەبێ دوودڵی و گومـان لەلایەن تاکەکـانەوە بەرهەمـدێتەوە شـتە وورد و درشـتەکانی کۆمەڵگەیە، تەنـانەت چوارچێوەکـانی ئەوەنـدە فـراوان دەبێـت، تـاوای لێدێت، کەلتوور دەبێت بە ژیانی تاکەکان، بۆیە دەکرێت کەلتوور بە ڕێبـازی ژیـانی کۆمەلێـک یـاخود تاکەکـانی کـۆمەڵگەیەکی دیـاریکراو پێناسـە بکرێـت. بەوەش بەرهەمـی ئەو شـتانە دەنـوێنێ کە تاکەکـانی ئەو کۆمەڵە یاخود کۆمەڵگەیە فێری بوون، شێوازی ژیان و مەعـریفە و ئایـدیا و شـێوازە فکرییەکانیـان و بیروبـاوەر و بەهاکانیـان لەخـۆ دەگرێـت، لەگەڵ ئەو شـێوازە رەفتاریانەیانـدا کە لەکارلێـک و هونەرەکانیانـدا بەکاریـان دەهێـنن، هەروەهـا هەمـوو ئەو ئـامێر و ئامرازانەی کـۆمەڵگەیەکی دیـاریکراو لەتێرکردنـی پێداویسـتییەکانیاندا بەکاریـدەهێنن و خۆگونجانـدنیان لەگەڵ ژینـگە کـۆمەلایەتیە سروشتییەکەیاندا و سود لێوەرگرتن و کۆنترۆڵکردنی[ HALL and GIEBEN, 1995, p:238]. هەر لە ئاسـتە گشـتییەکەیدا ویلـیەم لیـتەڵ، کەلتـوور لە ئاسـتێکی هاوشـێوەی سـەرەوە، دیاریـدەکات، بە شێوەیەک کەلتوور پەیوەست دەکات بە((بەهاکـان، بیروبـاوەر، نۆرم،

هونەر و هەموو توانا و عادەتێکی دیکە، کە مرۆڤ وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە وەریاندەگرێت))( William Little§,open text, ch1).

٢/لەئاستی تایبەتیدا، هاڵ و گەیبن تێڕوانینی ماری دۆگلاس(Mary Douglas)یان، هێناوەتەوە، تیایدا پیشاندانی کەلتوور لەسەر ئاستی تاک، بۆجووڵە و ئاماژەکانی( the symbolic) دەباتەوە، لە ڕێگەی جوڵە و ئاماژەکانەوە کەسەکان لەیەکتری جیاوازن، ئەم جیاوازبوونەش بۆ شتە وردەکانی ژیانیان دەگەڕێتەوە، ئەمانیش بۆ بابەتی پەیڕەوکردنی تابۆ، شێوەی یاساکان، خواردن و خواردنەوە، شێوازی پۆشینی جلوبەرگ و جەستەیان، کەوا بەهۆیەوە جیاوازییەکانی تاک چ لەگەڵ هەمان گروپی خۆی یان لەگەڵ گروپەکانی دیکەی خەڵک، جیاوازییەکانی خۆی دەردەخات و پێیی دەناسرێتەوە [ Hall and Gieben,1995,p:247]. لە کۆی ئەو پرس وباسانەی لەمەڕ کەلتوور و ئەو چەمکانەی ڕۆڵیان لە نیشاندانەوەی کەلتووردا هەیە، کاریگەری لەسەر تیڕوانین و دونیابینی تاکی تاراوگەبوودا هەیە، بە شێوەیەک هەر تاکێک بەگوێرەی ئەو هێڵەکێشراوانەی ژیانی، بە نۆرمێکی دیکە لە تاراوگە لێکەوتەکانی کەلتوور نیشاندەداتەوە.

## بەشی دووەم

## لێکەوتەیەکانی کەلتوور لە ڕۆمانی هوتێل ئەورووپا

یەکەم: بەکۆمەڵایەتیبوون

دووەم: کەلتوور وەرگرتن

سێیەم: ئیسنۆسەنتەریزم

کەلتوور لەڕێگەی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون، کەلتوور وەرگرتن، ئیسنۆسەنتەریزم، وەک لێکەوتەیەک لەسەر کەسایەتییە تاراوگەبووەکان خۆی دەنوێنێ، کەسی تاراوگەبوو تاوەکو دەستبەرداری کەلتوور (یاخود بەشێک) ی باوانی دەبێت، ماوەیەکی زەمەنی زۆری پێویستە، هەروەکو چۆن زەوی ماوەیەکی زۆری ویستووە، تاوەکو چین لەسەر چین ئەو گۆیی زەوییەی ئێستای پێکهێناوە، بەهەمان شێوە کەلتووریش وەک چینەکانی پێکهاتەی زەوی وایە، ماوەیەکی پێویستە، تاوەکو دەبێتە نۆرم و زەینی کەسەکان گۆش دەکات. ئەگەرچی کەلتوور بۆ هەندێک کەسایەتی(تاراوگەبوو) لەسەرزەمینی تاراوگە دەبێتە دۆخێکی بەرگریکەر و ململانێیەکی سەخت لەگەڵ کەلتووری دیکە بەرپا دەکات، لەبەرئەوەی کەلتوور پێکهاتەیەکە بەمێژوو کەڵەکەبووە، وەک میرات ماوەتەوە و لەسەر دیدو تێروانینی تاکەکان کاریگەری هەیە.

هەر کۆمەڵگەیەک لەڕەوتی بەرەو پێشچوونی خۆیدا، لەقۆناغێک بۆ قۆناغێکی دیکە، کۆمەڵێک بەهاو بیروباوەڕی بەدوای

خۆیدا جێهێشتووە، ئەمانە بەئەڵقەی بەیەکەوە گرێدانی مێژوو، بۆ سەردەمی ئێستای ئێمەمانان بووەتە کەلتوور. لە رۆمانی هوتێل ئەوروپا، کەلتوور وەک لێکەوتەیەک، زەمینەی بوون و بەردەوامی خۆی لەڕێگەی بەرکەوتنی تاراوگەبوو لەگەڵ دونیای ئەم چەمکانە(بەکۆمەڵایەتیبوون، کەلتوور وەرگرتن، ئیسنۆسەنتەریزم) مسۆگەر دەکات، بەشێوەیەک ڕۆماننووس وەک تاراوگەبووێک یاخود کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە، هەڵگری کەلتوورێکن و بینەری کەلتوورێکی دیکەن، بە شێوازێک ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەنوێنن، کەوا هەم نمایشی کەلتووری خۆیان دەکەن و هەمیش وەرگری بەشێکی کەلتووری بینراوی تاراوگەن، جا دەشێ لە هەندێک بار، تاراوگەبوو تووشی شۆک کەلتووری بێت، وەک لەکەسایەتی محەمەدی حاجی زادەی نێو رۆمانەکەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت. کەلتوور لە رۆمانی هوتێل ئەوروپا ئەو شتە پەنهانەیە لەزەینی کەسی تاراوگەبوو دایە، لە دۆخی ئاسایدا، لە سوڕی متبوونە، لەساتی ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ کەلتوورێکی دیکە، زەبری خۆنمایشکردن و خستنەڕووی چالاکانە و کاریگەری لەنێو رۆمانەکەدا هەیە، چونکە بەقوڵاییەکانی ڕۆحی تاراوگەبوودا ڕۆچووە، لەدەستدانی بەمانای سڕینەوەی دوورابییەکانی ڕابردوویەکی هەزاران ساڵەیە، کە تێکرای سەرەتاکانی بوونی ئەو دەگرێتەوە.

کەلتوور لە رۆمانی هوتێل ئەوروپا ئاوێنەیەکە بۆ بینینی ڕابردووی کۆمەڵگەیەک، لەبەر ئەوەی کەلتوور لە شتی ماددی و مەعنەوی پێکهاتووە بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە، هەنبانەیەکە گشت بوارە هەمە جۆرەکانی ژیانی تاک و نەتەوەی لەخۆیدا هەڵگرتووە.

هەر بۆیە لەسەر کەسایەتی نێو رۆمانی هوتێل ئەوروپا، کەلتوور وەک لێکەوتەیەک لەم بەشەی ماددی و مەعنەویـیەوە دەست پێدەکات، کاتێک کەسێک گۆشکراوی کەلتووری باوانی بێت، هیچ کێشەیەکی لەگەڵ بەشی مادی و مەعنەوی کەلتوورەکەیدا نییە، چونکە هەردوو بەشەکەیان(ماددی و مەعنەوی) بەدوو هاوکێشەی تەریبی یەکتر دەرۆن، هیچ جۆرە کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەسەر تاک( تاراوگەبوو) جێناهێڵن، بەڵام لە تاراوگە بەشە مادییەکەی تاکی تاراوگەبوو لەگەڵ بەشە مەعنەویـیەکەی گۆڕانی بەسەر دادێت، هاوئاهەنگ و هاوئاراستە نابێت، تاراوگەبوو لەم نێوەندەدا کەوتۆتە نێوان دوو ئاراستەی لێکدژی جیاواز، لەبەر ئەوەی سەرزەمینی تاراوگە لەڕووی مادییەوە لەگەڵ نەریت و ئایدۆلۆژیا و ڕێسا باوەکانی، کەوا نوێنەرایەتی بەشی مەعنەوی کەلتوور دەکەن هاوئاهەنگ نایەتەوە، بەمەش دواکەوتوویی کەلتوور(مەبەست لە وەرگرتنی کەلتووری وڵاتی خانەخوێیە) و نەگونجان و هاوئاهەنگ نەڕۆیشتن بەسەر تاکی تاراوگەبوو دەرکەوتووە، یان لەبارێکی دیکەوە، پێشکەوتنەکانی وڵاتانی خانەخوێ لەڕووی مادییەوە، ئەوەندە خێران، لایەنی مەعنەوی کەسی تاراوگەبوو نەیتوانیوە بە هەمان خێرایی ئەو پێشکەوتنە بڕوات، بەمەش لەکەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، سڵەمینەوە و هەنگاو هێواشی لەمەڕ دۆخی ژیانیان لە تاراوگە بە دیار کەوتووە، وەک لە کەسایەتی محەمەدی حاجی زادە، ساقی گوڵچین، فەرەحناز خانم، ڕوئیا خانم، مورتەزا بە ڕوونی نیشاندراوە.

## یەکەم: بەکۆمەڵایەتیبوون (Socialization)

لە ئێستادا لە پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون کرانەوەیەک ڕوویداوە، ئەمەش ئەو تێڕوانینەیە ستیوارت هاڵ بۆ هاتنی سەردەمی مۆدێرنە، بەتایبەتی دوای شۆڕشی پیشەسازی، شۆڕشی فەرەنسی و دروستبوونی شارەگەورە و جەنجاڵەکان، بڵاوبوونەوەی سەرباز و کەشتییەکانیان بەمەبەستی داگیرکاری، دروستبوونی کارخانە و پووکانەوەی سیستەمی فیودالّی، هاتنی دونیای پێشکەوتووی پەیوەندییەکان و دروستکردنی هۆیەکانی گواستنەوەی مۆدێرنی گەڕاندۆتەوە[Hall,1995,p:47]، لێرەوە پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە و شێوەیەکی جیاوازتر لە قۆناغی پێش خۆی وەردەگرێت، تاراوگە دەبێتە شوێنی بیر لێکراوەی خەڵک، بەمەبەستی بینین و ئەزموونکردنی ژیانێکی تر، پەیوەستی وشیاری و ئاگایی تاک دەکرێت، کەوا بەمەبەست و ئامانج، ویستی جێهێشتن و گیرسانەوەی لەشوێنی دیکە هەیە. کەلتووریش لێرەوە دەبێتە یەکێک لەو بابەتانەی لە هەناوی تاراوگە هەڵدەگیرێت. پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون لەڕۆمانی هوتێل ئەورووپا، ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کەوا کەلتووری دونیای کۆن، بەسەر خۆدا داخراوبووە، پەیوەندی نێوان سەرزەمینەکانی نیشتەجێبوونی خەڵک، مەودای فراوان و لێکدی دابڕاو بووە، زانینی سەرزەمین و ناسینی خەڵکانی دیکە، پەیوەندی بەچوونە دەرەوە و گەڕان بووە. لە کۆندا، هەر چوونە دەرەوەیەک لە ئەقڵی مرۆڤ، هاوکاتە بەسەفەری هات و نەهات، تێکەڵ بەئەفسانە و خوڕافاتی سەیر و سەمەرە کراوە، بۆیە هەمیشە ترس لەسەفەر و سەرهەڵگرتن و ژیان لەسەرزەمینی میللەتانی دیکە، بابەتی سەرەکی بیرکردنەوەی تاراوگەبوو بووە.

لەڕۆمـانی هوتێـل ئەورووپـا، لەژێـر نـاوی کەسـایەتی(فەرهـاد)، ڕۆمـــاننووس وەک تاراوگـــەبووێک دۆخـــی بەکۆمەڵایەتیبـــوونی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، جا پەیوەندی ئەو کەسایەتییانە چ لەگەڵ خەڵکانی تاراوگەبووی هاوشێوەی خۆیان یاخود لەگەڵ خەڵکانی وڵاتی خانەخوێ بێت. ئەم ڕۆمانە لەڕێگەی نیشـاندانی کەلتـووری کەسـایەتییەکانەوە مەبەسـتییەتی شـێوازی بیرکـردنەوە و چـۆنیەتی دونیابینییـان لەمـەڕ پاراسـتنی نـۆڕم و بـەهاکانی کـەلتووری باوانییـان نیشـان بـدات، بـۆ ئەو مەبەسـتە کەلتووری هەر یەک لە کەسایەتی محەمەدی حاجی زادە و فەرهاد لەدوو شـێواز و دۆخـی بەکۆمەڵایەتیبـوونی جیـاوازن. مـحەمەدی حـاجی زادە بەسـیفەتی ئەوەی پیـاوێکی ئـاینییە، لەهەمـوو جـوڵە و ڕەفتارەکانیـدا، وەک تایبەتمەندییـەک لەسـەر ئاسـتی کەسـیی بـۆ نیشـاندانەوەی کەلتوورەکـەی خـەریکی نوانـدنەوەی هەڵسـوکەوتی پیشەکەیەتی((چەندین مانگە لەم پاریسە دەسووڕێمەوە، تۆ یەکەمین کەسێکیت لەگەڵی دابنیشم قاوەیەکی لەگەڵ بخۆمەوە.. دەزانی ئاغای فەرهاد؟)) (پیربال،٢٠١٠،ل٦٣)، بۆ ئەو مەبەستە بە کۆمەڵگەی وڵاتی خانەخوێ دڕدۆنگ و لاتەریکە، بەهۆیەوە تووشی جۆرێک لە شۆک کەلتووری بووە، ئەمە لەسەرێکەوە خستوویەتییە بیری تۆڵەکردنەوە و گورز وەشاندن لەهەموو هەلێکی بۆی گونجاو بێت. کەسایەتی فەرهـاد، لە دۆخـی بەکۆمەڵایەتیبوونیـدا تـاڕادەیەک سـەرکەوتووترە لەچـاو کەسـایەتییەکانی دیـکەی نێـو ڕۆمـانەکە، بەسـیفەتی ئەوەی لەیەکێک لەهوتێلەکانی سەرزەمینی تـاراوگە بەنـاوی هوتێل ئەورووپا، کـــاری پێشـــوازیکردنی خەڵکـــانی هـــاتووچۆکەری ئەو هـــوتێلەی دەسـتکەوتووە، ((مـن بـۆ خـۆم لـە هـوتێلێکی سێ ئەسـتێرەدا کـارم

دەکـرد. جگەلەمــە نیگــارکێش بــووم، چــەن مانــگ جارێــک هەنــدێ لـــەتابلۆکانی خــۆمم دەفرۆشـــتەوە گەلەرییـــەکانی پـــاریس و پێـــی دەژیام))(پیربال، ٢٠١٠، ل٦)، ئەم ڕۆمانە زانیاری ئەوەمان پێدەدات، لەگەڵ خاوەنی هوتێلەکە و خەڵکانی کەلتوور جیاوازی سەرزەمینی تـاراوگە پەیوەنـدییەکی کـۆمەڵایەتی بەهێـزی هەبــووە و لەســەر شـێوازی دۆخـی بەکۆمەڵایەتیبـوونی زانیـاری درکانـدووە. لەمەش زیـاتر ئەوەی لە ڕۆمـانی هوتێـل ئەوروپـا بەرچـاو خـراوە دۆخـی بەکۆمەڵایەتیبــوونی تــاراوگەبووانە لەگــەڵ یەکتــری، بەو مانــایەی شێوازی بەیەکەوە گونجـان و تێکەڵاوی نێوان خودی تاراوگەبووان لە سـەرزەمینی تـاراوگە، ئامـاژەی نەتـوانەوە و نەچـوونە ژێـر بـاری کەلتوورێکی دیکەیە.

یەکێـک لەو دیـاردە بـاوانەی نێـو دونیـای تـاراوگە، لەدەوری یەکـدی کۆبـوونەوەی پەناهەنـدەکانی وڵاتـانی جیـاوازی خـۆرهەڵاتە یـــاخود ئەو پەناهەنـــدانەی ڕایەڵـــی ئـــاینیی هـــاوبەش و کەلتـــووری هاوبەش بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە، چونکە تـاراوگە بەسیفەتی خۆی لەبەرانـــبەر ئەو پەناهەنـــدانە دڕدۆنـــگە، خەڵکـــی خـــانەخوێ لەگـــەڵ تاراوگەبووان زۆر بەکەمـی پەیوەنـدی دەگـرن، بۆ هەمیشـە شـوێنێک یــــاخود مەڵبەنــــدێک لەســــەرزەمینی تــــاراوگە بــــۆ دیــــدەنی و چاوپێکەتنەکانیـان هەیە، ئەمەش دۆخـێکە پتـر لەسـەر دەقـی خۆیـان دەهێڵێتەوە، بەئاسانی تێکەڵی کەلتـووری وڵاتـی خانەخوێ نـابن، ئەم جیاوازییە لە دواییدا دەبێتە سەنگەرێک بۆ لەخۆ ڕوانینیی کەلتووری تـــاراوگەبووان، لە چـــاو کەلتـــووری خـــانەخوێ. بەمەش تـــاکی تـاراوگەبوو هەمیشــە بە بەرزتـر و بە بەهـاتر لە کەلتـووری خـۆی ڕوانیـوە، پێیوابـووە ئەگەر دۆخێکـی پێشــهاتوو نەبـووایە، کەوا ئەم

تیایدا سەری هەڵگرتووە، ئەوا هەرگیز ئەم شێوە ژیانە لە نێو ئەم جۆرە کەلتوورە بە هاوشانی خۆی نازانێت، دیدار و کۆبوونەوەکانی تاراوگەبووان، هەموو دەم بەشێکی باسکردنی بابەتەکانیان، باسکردنە لە نەگونجانی ڕۆحیان بەو شێوە کەلتوورەی تاراوگە، بۆیە رۆماننووسیش دەڵێت:((من دەمزانی هەموو ئەو کورد و عەرەب و تورک و ئێرانییانەی تازە دەبنە پەناهەندە و هێشتا لە ناو فەرەنسییەکان بەتەواوەتی خەڵک ناناسن و بە ژیانی نوێی ئەوروپا ڕانەهاتوون، زۆر مگێزی ئەوەیان هەیە یەکتر بناسن و لەگەڵ یەکتر کۆ ببنەوە و گەرەکێکی بچووک لەهاوجۆری خۆیان دروست بکەن))(پیربال،٢٠١٠،ل٥٥). تاراوگەبووان لە تاراوگە ئەم شێوازی مامەڵەکردنە بە پاراستنی کەلتوورەکەیان دەزانن، دانیشتن و گەلەکۆیی و جاربەجار بەبیرهێنانەوەی ڕەسەنایەتی کەلتوورەکەیان، بە هەستێکی بەر پرسیارانە دادەنێن، چونکە بە لەناوچوونی کەلتوورەکەیان، ئەمانیش پێیانوایە لەناو دەچن و شتێک نامێنێتەوە لە تاراوگە شانازی پێوە بکەن.

بەلای زۆرێک لە تاراوگەبووانی نێو رۆمانی هوتێل ئەوروپا، هۆکاری داخراویی و پابەندی نەریت و ئاین و ڕەوشتی گشتی، پاراستنی شکۆی نەتەوەیی و نیشتیمانیانە، نەک بۆ پەناهەندە بەڵکو بۆ خەڵکی خانەخوێش، ڕاستی تێدایە، ئەوەتا مسیۆ لوسیانا بە سیفەتی جوولەکەبوونی، مگێزی ئەوەی نییە لەگەڵ محەمەدی حاجی زادە یەکتر بناسن، چونکە بەلای مسیۆ لوسیانا باوەڕداری ئاینی بۆ پیاوێکی مەلای پەناهەندە و پاشان دۆستایەتی ڕەنگە جۆرێک لە شکاندنی بەهای ئاینی خۆی بزانێت، ئەگەرچی لە مامەڵەکردنیشیدا بە پارێزەوە ڕەفتاری لەگەڵدا کردووە، ئەم ڕاستییە ڕوونتر لە دوو

تویی رۆمانی هوتێل ئەوروپا درکی پێدەکرێت، کەوا کاتێک زیبا وەک کارەکتەرێکی نێو رۆمانەکە لە تاراوگە بوورسی خوێندنی هەبووە، سەرەڕای خۆشەویستی لەگەڵ مسیۆ لوسیانا، هەمیشە ئەوەی دووپات کردۆتەوە، جیاوازییە کەلتوورییەکان ڕێگە بە هاوسەرگیری نێوانییان نادەن، زیبا دەڵێت:(( ئەگەر ئەم باسە لەگەڵ باوکم بکەمەوە، هەر سەرم دەبڕن))(پیربال،٢٠١٠،ل١٥٢). لێرەدا بەکۆمەڵایەتیبوون دەرخەری جیاوازییەکانی ژینگە و دۆخی سروشتی هەر کۆمەڵگەیەکە، کەوا بەسەرکەلتوورەکەیەوە دیارە، بەجۆرێک هەر ژینگەیەک بە شێوازێکی دیاریکراوی تایبەت بەخۆی، کەلتووری بەرهەمهێناوە، لەسەرتاکەکانی کاریگەری و ڕەنگدانەوەی هەیە، کەوابوو بۆ بەرهەمهێنانی کەلتوورێکی تایبەت مرۆڤ و ژینگە بەسەر یەکەوە لێکەوتە و کاریگەرییان هەیە، بەهۆیەوە شارستانیەتێک بەرهەم دێت، لەڕێگەی کەلتوورەکەیانەوە سیما و خەسڵەتێک بۆ خۆیان دادەتاشن. سەرەڕای ئەمەش بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی نەتەوەیەک دەشێ لە کەلتوورەوە دەست پێبکەین، چونکە کەلتوور، گوزارشتکەری بوونی نەتەوەیە و پێبەپێی قۆناغ و سەردەم، لەگەڵ کەسەکاندا هاتووە. لەمەش زیاتر لە کەلتوورەوە خوێندنەوە بۆ مرۆڤ و هەڵسوکەوت و نەریتەکانی دەکرێت، لەسەر تاک تارماییەکە، نەخشەی بۆ چۆنیەتی ژیانی داڕشتووە.

## دووەم: کەلتوور وەرگرتن (Acculturation)

دۆخی کەلتوور وەرگرتن لەسەردەمی ئێستادا، نەک هەر گرنگترین هۆکاری پەیوەندی نێوان تاکەکانە، بەڵکو بەرچاوترین و پڕ بایەخترین بابەتی تێڕامانی ئەدەبی، کۆمەڵناسی، ئەنسرۆ پۆلۆژییە،

کاتێک تاراوگە دەبێتە مەکۆی خەڵکانی تارێنراو، ئەوا کەلتوور لەو سەرو بەندەدا دەبێتە پرس و بابەتی نووسین و لە نێو ڕۆمان تەوزیف دەکرێت.

لەئەزموونی ژیانی تاراوگە لەوەتەی هەیە، دۆخی کەلتوور وەرگرتن، یاخود ڕەتکردنەوە و بەجێگیری مانەوەی تاراوگەوبوو لەسەر کەلتووری باوانییان، یەکێک بووە لە فاکتەرە گرنگەکانی مانەوە و ژیانی کەسی تاراوگەبوو، لەبەرئەوەی شارەکانی سەردەمی ئێستای تاراوگە ئەوەندە جەنجاڵن، وەک شاری نێو نەتەوەیی لێهاتووە، چەندین مرۆڤی کەلتوور جیاواز دەبینی، ڕەگیان بۆ دەیان و سەدان وڵات و سەرزەمینی جیاواز دەگەڕێتەوە. هەر کەلتوورێک دونیایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، بارهێنانی نۆڕم و کردەی مرۆڤەکانی لەسەر بنیادنراوە، لە دونیای کەلتووری میللەتانی دیکە جیاوازە، بەشێوەیەک هەندێک شت لەنێو کەلتوورێکدا، ئەوەندە پیرۆزی پێدراوە، بەهاو نۆڕمێکی بیرکردنەوەشی دروستکردوە، دەشێ بۆ کەلتوورێکی دیکە ئەم شتە کەمتر بەها و کاڵتر نرخی بۆ دانرابێت، لێرەوە تاراوگە دەبێتە شوێنی پیشاندان و دەرخستنی کەلتوور.

لە ڕۆمانی هوتێل ئەورووپا، ڕۆماننووس دۆخی کەلتوور وەرگرتنی وڵاتانی خانەخوێ لەسەر هەندێک لە کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەی دەرخستووە. ئەم کەسایەتییانە بە سیفەتی مانەوەی چەندین ساڵ ژیان لە تاراوگە، بەشێک لە کەلتووری خۆیان لە دەستداوە و بەشێک لە کەلتووری تاراوگەیان وەرگرتووە. بەڵام بە هیچ جۆرێک لە نێو کەلتووری وڵاتی خانەخوێ نەتوانەتەوە و

نەچـــوونەتە ژێـــر کەلتـــووری تـــاراوگە و حاشـــایان لە کەلتـــووری باوانییان نەکردووە. ئەم ڕۆمانە بە هیچ شێوەیەک باسی لە کەلتوور وەرگرتنـــی لەلایەن نەوەی دووەمـــی تـــاراوگەبووان نەکـــردووە، بەو مانـــایەی کێشـــەی کەلتـــووری منـــدالانی بـــاوک و دایـــک تـــاراوگەبوو نەبـــووەتە پـــرس و باســـی ئەم ڕۆمـــانە، ئەمەش بـــۆ هۆکـــاری ســـەڵتی ڕۆمـــاننووس و درک نەکـــردن بەو کێشـــەیە دەگەڕێـــتەوە، لەلایەکـــی دیـــکەوە کـــورتی مەودای کـــۆچکردنی خەڵکـــی لەنیشـــتیمان، کەوا بە گشتی بۆ سەرەتاکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و تا ساتی نووسینی ڕۆمانەکە لەلایەن ڕۆماننووسەوە ئەم بابەتە تیشکی نەخراوەتە سەر.

ســـەبارەت بە کەلتـــوور وەرگـــرتن و شـــێوازی وەلامـــدانەوەی کەلتووریـــانەی نەوەی یەکەمـــی تـــاراوگە، ڕۆمـــاننووس لە نێـــو ڕۆمانەکەیدا ئاماژەی بە چەندین چیرۆک و ڕووداوی کەسایەتیەکانی نێو ڕۆمـانەکەی کردووە، لەوانە: مـورتەزای گوڵچینی لەوەسفکردنی فەرهـــادی تابلۆکێشـــدا، دەڵێـــت :((نیگارکێشـــێکی کـــوردە لە پـــاریس هاوڕێمانە، ئەگەر هاتیت بۆ پاریس... وەرە تابلۆی لێ بکرە، یان هـیچ نەبێ تابلۆکانی، لە گەلەرییەکەی خۆتدا بێشچاو بـخە بۆ کریارەکانی خـــۆت))(پیربـــاڵ، ٢٠١٠، ل٨). ئەم شـــێوازی مـــامەڵەکردنەی دۆخـــی کەلتـــوور وەرگرتنـــە، ڕۆمـــاننووس لەســـەر کەســـایەتی فەرهـــادی نێـو ڕۆمـــانەکە ڕەنگـــی پێـــداوەتەوە، کەوا بەشـــێکی زۆری هونەرمەنـــد و دەســـتڕەنگییەکانی ســـەرزەمینی تـــاراوگە، بژێویـــان لەســـەر کـــارە دەستییەکانە و خەڵکیش وشیاری کڕینی کارە هونەرییەکانییان هەیە، بۆیە فەرهادی نێو ڕۆمانەکە بۆ دەستکەوتنی بژێوی ژیانی دەست بە تابلۆکێشـــان دەکـــات و لەو ڕێـــگەیەوە هەوڵـــی مســـۆگەرکردنی ژیـــانی

خۆی دەدات. کەسایەتییەکی دیکەی نێو ڕۆمانەکە، (ساقی گوڵچین)ە، خاوەنی گەلەری سان فرانسیسکۆیە، لە ئەمەریکا، دیارە ئەمەش پەیوەستە بەو شێوازی مامەڵەکردنی دۆخی کەلتوور وەرگرتن، کەوا ئافرەتێکی تاراوگەبوو لەسەرزەمینی تاراوگە، خاوەنی گەلەرییەک بێت و بەهۆیەوە بژێوی خۆی پێ دابین بکات، (( ئەو شەوە، لەسەر شەرەفی ساقی گوڵچین، خوشکی مورتەزا، خاوەن ناودارترین گەلەری لەسان فڕانسیسکۆ، کە هاتبووە پاریس سەردانی براکەی بکا، هەموویان دەعوەتی من بوون. نیوە شەو، شامپانیایەکی فەرەنسیشمان، بەبەر چاوی مەلا محەمەدی حاجی زادەوە- کە بەدرێژاییی ژیانی(تا ئەو کاتە) هەرگیز دەمی لە ئەلکهوول نەدابوو- بەسەر مێزە پانویۆڕەکەماندا تەقاندەوە))(پیربال، ٢٠١٠، ل٨). ئەوەی لێرەدا مایەی سەرنجە، شێوازی رەفتارییانەی ساقی گوڵچیینە، کەوا پەیوەندی بە دۆخی وەرگرتنی کەلتووریانەی تاراوگەوە هەیە. ئافرەتێکە ئازاد و سەربەستە لە شێوازی مامەڵەکردن و پەیوەندی گرتن،چ لەگەڵ خەڵکانی تاراوگەبوو یاخود خەڵکانی وڵاتی خانەخوێ.

### سێیەم: ئیسنۆسەنتەریزم (ethnocentrism)

تاراوگە، لە دیدی تاراوگەبوو مەڵبەندی بەیەکگەیشتنی کەلتوورە جیاوازەکانە، زۆرن ئەو شار و وڵاتە گەورانەی دونیا لەسەر بنەمای فرە کەلتووری دروستبوون، بۆنموونە(ئەمریکا، ئوستراليا، کەنەدا)، لەمەش زیاتر بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەم وڵاتانە و وڵاتانی دیکە (تاراوگە) لە کەلتوور و نەتەوەی جیاواز پێکهاتوون، دواجار تاراوگەی ئەم وڵاتانە بووە بەشوێنی نیشتەجێبوونیان، لە هەڵسوکەوت و ژیانی ڕۆژانەیاندا لەگەڵ یەکتری لەپەیوەندیدان،

هەمـوو یەکێـک لەم تـاراوگەبووانە مـاڵ و وڵات و کەسـە نزیکەکـانی خۆیـان جێهێشـتووە، بەڵام لەگەڵ خۆیـان کەلتوورەکەیـان هێنـاوە، لە قـوڵایی نـاخی خۆیـان هەڵیـانگرتووە، بـۆ بەرامبەرەکەیـان لە سـاتی پێویست وەک ناسنامەیەک پیشانی دەدەن.

لە ڕۆمـانی هوتێـل ئـەوروپا، تاراوگـەبووان لەڕێـگەی ئایـدیای خۆیـانەوە، وێـنە بـۆ کەلتـووری خۆیـان و کەلتـووری ئەوانـی دیـکە دەکێشـــن، زۆربەیجـــار لەدیـــدی هەســـتکردن بە بەرپرســـیارەتی لەبەرامـــبەر نەتەوەکەیـــان، کەوتۆنـــەتـــە پلەبەنـــدکردنی کەلتـــوور، بەشـێوەیەک کەلتـووری میللەتـی خۆیـان بەپۆزەتیـڤ و کەلتـووری سـەرزەمینی تـاراوگە بە نێگەتیـڤ دەزانـن، ئەمە ئەگەر جارێـک بـۆ وێناکردنی ئەم شێوازی مامەڵەکردنە بۆ کەلتوور، لەڕوانگەی کەسی تـاراوگەبووەوە دروست بێت، ئەوا تـاکی خـانەخوێش تێڕوانینـی بـۆ کەلتووری کەسـی تـاراوگەبوو هەیە، بەشـێوەیەک کەلتـووری کەسـی تاراوگەبووی، بەکەلتوورێکی داخراو زانیووە، پێیوایە توانای گونجـان و بەیەکەوە هەڵکردنـی لەگـەڵ دونیـای دەرەوەی کەلتـووری خۆیـدا نییە. لەبەرئەوەی کەلتووری داخراو، ستایلێکی ژیـانی بەرهەمهێنـاوە، بەردەوام بـۆ تەواوی تاکەکـانی کـۆمەڵگە کـۆپی دەکـرێتەوە، لادان و دەرچوون لەم شێوازە، بە هەڵاوێرکردن و ناوازە دادەنرێت.

مـــحەمەدی حـــاجی زادە، ئەو مەلا پەناهەنـــدەیەیە، کەوا لە ئێرانەوە لەسەر جیاوازی بیروڕا، جلـی مەلایەتـی لـێ سـەندراوەتەوە، لە تـاراوگە بە شـانازییەوە لە نێـو رۆمـانی هوتێـل ئەوروپـا دەڵێـت: ((ئـێمەی ئێرانـی، بەکوردیشـەوە خـۆت دەزانـی، خـاوەن کەلتـوورێکی ڕەسەن و دێرینین.....چۆن دەبێ ئەم کەلتووره دەوڵەمەندەی خۆمـان

بسڕینەوە و وابکەین لەبیرمان بچێتەوە))( پیربال، ٢٠١٠، ل٥٦). ئەمە تێڕوانینی زۆربەی تاراوگەبووانە، بەردەوام لەسەر دەستگرتن بە کەلتووری خۆیان یەکتر ئاگەدار دەکەنەوە، چونکە تاراوگەبوو لە دۆزینەوەی بچوکترین خاڵی هاوبەش دەگەڕێت، تاوەکو خۆی پێ لە کەلتووری وڵاتی خانەخوێ جیا بکاتەوە. بەشێکی زۆری تاراوگەبووان، لە ئەنجامی ژیان و بەرکەوتنی ڕۆژانەیان بە کەلتووری تاراوگە و شێوازی مامەڵەکردنی خوێن ساردانەیان لەبەرامبەر بەشێکی زۆری پەناهەندەکان، هەستێکی ڕقاویان بۆ دروست دەبێت، بە ئاگاییەوە ڕوودەکەنەوە کەلتووری خۆیان، کەوا گەرم و گوڕیی و کۆگەلی لە هەناویدا هەڵگرتووە، لە بەرامبەریشدا یاخی بوونێک یاخود نەچوونە ژێرباری فۆرمی ژیان و کەلتووری ئەوان(وڵاتی خانەخوێ) دروست دەکات، لەم پێناوەشدا ڕۆماننووس لەسەر زاری محەمەدی حاجی زادە، دەڵێت: ((من وا تێ دەگەم بۆ ئێمەی موسڵمانی ئاوارەی ئەوروپا، پاراستنی ڕەوشت و کەلتووری ئیسلام لە نوێژ و ڕۆژوو زۆر گرنگترە))(پیربال، ٢٠١٠، ل٦٢). بۆیە بەشێکی زۆری تاراوگەبووان بەتوندی دەست بە کەلتووری باوانییان دەگرنەوە، جا بۆ ئەم مەبەستەش دەشێ دینداری یاخود هەر جۆرە کەشێکی دیکەی کەلتووری بێت.

لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، ئیسنۆسەنتەریزم لە گەشترین و پڕ جووڵەترین قۆناغی خۆیدایە، تاراوگەبووان بەشێکی زۆری ژیان و بیرکردنەوەیان لە تاراوگە دەخەنە خزمەت کەلتووری نەتەوە و نیشتیمان. ئەم ڕۆحی ئیسنۆسەنتەریزمە کەلتوورییەی لە نێو ئەم ڕۆمانەدا بەدی دەکرێت، ڕۆماننووس بەشێکی بۆ کۆبوونەوە و یەکتر بینینی کوردەکان لە دەوری یەکتر و ئامۆژگاریەکانیان لەمڕ

پاراستن و دەست پێوەرگرتنی کەلتووری نەتەوەیی گەڕاندۆتەوە، بەمەش بوونی واقیعی ئیسنۆسەنتەریزمی کەلتووری دەرخستووە. کەلتوور لە زەینی کەسی تاراوگەبووی نێو ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، ئەو یاسا نەنووسراوە، زەینی و دەروونییەیە، پێیان دەڵێت بوونی ئێوە لەسایەی کەلتوورەکەتانەوەیە، هەروەک چۆن ماسی بۆ ژیانی پێویستی بەئاوە، بەهەمان شێوە مرۆڤیش پێویستی بەکەلتوورە و لەچوارچێوەی کەلتوورەکەیدا دەژێت. لێرەدا ڕەهەندەکانی ئیسنۆسەنتەریزم لەسەر دیوە پۆزەتیڤەکەی بەیەکەوەبوونی تاراوگەبووان لەوەدا دەردەکەوێت، کەوا کەلتوورێک دەپارێزرێت تیایدا ڕۆحی بەیەکەوەبوون و وەفاداری لێوە بەرجەستەبووە، کەلتووری نەتەوەیی خۆیان بە بڕشت و پەسندتر دەزانن، بەمەش گروپێک یاخود دەستەیەک لە هاوجۆریەتی خۆیان دروست دەکەن، بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان یارمەتیدە، بەم هۆیەشەوە لە کەلتووری گروپ و دەستەی دیکەی خەڵک و نەتەوەی جیاواز، خۆیانی پێ جیا دەکەنەوە. هەر بۆیە سەرنجدانمان لە ناوهێنانی ئەو کەسانەی لە نێو ڕۆمانەکەدا هاتوون، هەموویان سەر بە یەک نەتەوەن، ئەمەش ڕاستییەک وەک واقعێک لەمەڕ ئیسنۆسەنتەریزمی کەلتووری تاراوگەبوو نیشاندراوە. پاشان لە نێو ئەم ڕۆمانەدا محەمەدی حاجی زادە دوای مانەوەی چەندین ساڵ لە تاراوگە و بینینی پێشکەوتن و دونیای جیاوازی خەڵک و نەتەوەکانی دیکە، دەگاتە ئەو بڕوایەی کەوا لە ڕۆحێکی گرگرتوانەی ئیسنۆسەنتەریزمەوە بڵێت:((هاوڵاتییە پەناهەندەکان کاتێ لە غەریبیدا لەیەکتر کۆ دەبنەوە و نەریتە پیرۆزەکانی وڵاتی خۆیان دەخەنەوە بیری خۆیان، ئەمە وایان لێدەکا پابەندی ڕەوشت و دینی خۆیان

بمێننـەوە، ئـەو ڕۆحیاتـە جـوان و نەتەوەیییـەی خۆیـان لـە دەسـت نـــەدەن))(پیربـــاڵ، ٢٠١٠، ل٥٦).ئـــەوەی لێـــرەدا بـــەدی دەکرێـــت، شـــانازیکردن و بە بـــاڵاتر زانینـــی کەلتـــووری نەتەوەییـــە، لەهەر سـەرزەمینێک بێت، هەسـتی خۆ بەگەورە زانـین و بەبـاڵا نیشـاندانی لای تاکی تاراوگەبوو دروست دەکات.

لەیەکێک لە ڕووداو و چیرۆکەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، ڕۆماننووس ئامـاژە بە ڕووداوێـک دەکـات، کـەوا لە ئیتالیـا دزی لێکـراوە، دوای سـەردانیکردن و نووسـینی سـکاڵا، کەسـێک ئامـادە نەبـووە، یـارمەتی بدات، هەموو پێداویستی و پـارەوپولێکی پێویسـتی لەنێو ئەو جانتـایە دابووە، کەوا لێی دزراوە. ڕۆمـاننووس لە دۆخێکی دەرونـی ئـاڵۆزدا، لە نەناسـین و نائاشـنابوونی کەلتـوور و مەگێـزی جیـاوازدا، لە نێـو ڕۆح و هەســـتی مرۆڤـــانەی جـــودا، لە تـــاراوگە و لەســـەرزەمینی نەتەوەی دیکـە، پڕ بەگەرووی هـاوار دەکـات،(( حکومەتی ئیتالیـا لەم تاوانەی گەورەیەی دەرهەق بەمن کراوە، بەرپرسە، من کـوردم بەڵام پەسـاپۆرتی فەرەنسـیم پێیە، لەم شـارەی ئێـوە ئیتـالییەک دزی لەمـن کـــردووە))(پیربـــاڵ، ٢٠١٠،ل٤٢). ئەم دیـــمەن و دۆخە تراژیـــدییە، بە ناوهێنـــانی نەتەوەی کـــورد، هەســـتی شـــانازیکردن و بـــوغرایی ڕۆماننووس نیشان دەدات، لەسـەر ئاستی کەلتـووری نەتەوەیـی وەک دەرخستنی ئیسنۆسەنتەریزم لەسەرزەمینی تـاراوگەش، کـاری خـۆی دەکات. یەکێک لەو پیاوە بەتەمەنانەی، کەوا لە نێو ئـاپۆرەی خەڵکیـدا دانیشـتووە، بە گـوێ بیسـت بـوونی وشـەی کـورد، یەکسـەر ڕەپـێ دەبێت، چونکە ئـەم پیـاوە بەهـۆی کـاری بەڵێندەرایـەتی ماوەیـەک لـە شـــاری دهـــۆک ژیـــاوە، لـــە نزیکـــەوە ئاشـــنایەتی لەگـــەڵ کـــەلتووری کوردیـدا هـەبووە، دەڵێـت:((لەنـاو قسـەکانت گـوێم لـێ بـوو گوتـت کە

کوردیت و له پاریس دەژیت.....من دەزانم کورد چەنێک میوان دۆستن، کورد زۆر خزمەتی منییان کردووه له کوردستان من خۆم به قەرزاری کورد دەزانم))(پیربال، ۲۰۱۰،ل٤٣-٤٤). ئەمه لەسەر ئاستی گشتی کەلتووری نەتەوەییدا جۆرێکه له شانازیکردن، کەوا سەرفرازی بۆ تاکه کەسەکانیش پێیه، له هەموو شوێنێکدا ڕووی ئەوەی هەبێت به نەتەوەی خۆی بانگ بکرێت.

له ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، لەبەشێکی دیکەی نیشاندانەوەی ڕۆحی ئیسنۆسەنتەریزم، ئەو ڕۆحه ڕق ئەستووریەیه، لەبەرامبەر کەلتووری ئەوانی دیکه، به دوو دیو ئاراسته کراوه، یەکێکیان بۆ دەسەڵاتی زاڵی سیاسییه، کەوا له بەرامبەر دۆخی ژیان و چۆنیەتی مامەڵەکردنی سیاسیانەیه بۆ دابینکردن و دەستەبەرکردنی ژیانی تاراوگەبووان گرتوویانەتەبەر، لەلایەکی دیکەوه ئەو سەرنج و ڕەخنەیەیه، کەوا تاراوگەبووان لەبەرامبەر وڵاتانی تاراوگه هەیانه، بۆ دەست خستنی بەرژەوەندی زیاتری خۆیان له هەوڵی له خشتەبردنی نەتەوەکانی دیکەن، تاوەکو لەسەر حیسابی ئەمان، نەتەوەی خۆیان پێ خۆشگوزەران بکەن. ئەوەتا عەلی هادی نێو ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، دەڵێت: ((تۆ بزانه سیستەمی دەوڵەتەکانی ڕۆئاوا مرۆڤیان دابەزاندووەته ناو چ چڵپاوێکی گۆشەگیری و تەنیایی موتڵەقەوه))(پیربال، ۲۰۱۰،ل١٠٥). دەبینین له تاراوگه ڕۆماننووسان یاخود ڕۆشنبیرانی گۆشکراو بەڕۆحی ئیسنۆسەنتەریزمی کەلتوور، باشتر درک بەم بابەته دەکەن و دەکەونه هەوڵی بەردەوام بۆ وشیارکردنەوه و ئاگەدارکردنەوەی تاکەکانی نەتەوەکەیان، هەمیشەش نووسین و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان، به ئەرکی نیشتیمانی و کەلتووری نەتەوەییانەی خۆیان دەزانن، ڕۆماننووس

لەســــەر زاری مـــــحەمەدی حـــاجی زادە، ڕاســـــتی ئەم ڕۆحە ئیسنۆســــەنتەریزمە، لەســــەرزەمینی تــاراوگە و پەخشــکردنی بــۆ وشــیاری کەلتــووری نەتەوەیـــی دەدرکێنــێ،((ئاغـــای فەرهـــاد... ئەمـانە....(دەستی بۆ دەرەوە درێـژ کـرد) مەبەسـتی ئەوروپاییەکـان بـوو، هەرچـی نەوت و قـازانج و سـامانە سروشـتییەکانی کە ئـێمە هەمانە دەیاندزنن و ڕاپێچی ناو مەخزەنەکانی خۆیان دەکەن بۆ کاتی تەنگانەی خۆیـان، لەو سەریشـەوە هەرچی تانک و تۆپ و ناپاڵم و فـرۆکەی شـەڕی و چەکـی قورسـیان هەیە پێمـانی دەفرۆشـنەوە بـۆ ئەوەی ئێمە لە ڕۆژهەڵات یەکتـر پێ بکوژین))(پیربـاڵ، ٢٠١٠، ل٦١). لە تاراوگە بەیادهێنانەوەی ئازارەکانی نەتەوە، ڕقێک دروست دەکات، بەهەر شێوە و شێوازێک بێت لە هەوڵدایە بۆ وەرگرتنەوەی تۆڵەی ئەو ناحەقی و چەوسانەوەیەوەی کەوا لەسەر ئاستی نەتەوەیی لێیان دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆماننووس ئاماژە بە دۆخێک دەکات، کەوا لە کەســایەتییەکی نێـو ڕۆمانەکەیـدا ڕەنگیـداوەتەوە، ئەمــیش لەبری ئەوەی سێکس لەگەڵ پیاو و ژنەکانییان دەکات وەک ڕۆحێکی تۆڵەسـتێن،(( ئـایەتوڵا و عەمـامە بەسـەرەکانی ئێـران بەسیاسـەت و چەک شەڕ لەدژی رۆژئـاوا دەکەن منیش بە زەکەرم))(پیربـاڵ،٢٠١٠، ل١١٦). لێـــــــرەدا ئیسنۆســـــــەنتەریزم بــــــۆ رۆحێکـــــــی خەباتکارانە وەرگێردراوە، بە شێوەیەک تۆڵەسەندنەوە لـە تێفکرین و دونیابینیی تاراوگەبووان چەسپیووە.

## پەراوێزی بەشی یەکەم

١- ڕایمۆند هێنری وبلیەمس(١٩٢١_١٩٨٨)، تیۆر دانەرێکی مارکسییە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی وێلشی بەریتانیایە، ڕەخنەگر و ڕۆماننووسە، لەبواری توێژینەوەی کەلتووری ناوێکی ناسراوە. یەکێک لەبەرهەمەکانی بەناوی (Keywords)ە، تیایدا ڕەچەڵەکی چەمکی کەلتووری دەست نیشانکردووە.

٢- فرنسیس بەیکۆن(١٥٦١_١٦٢٦)، فەیلەسوفێکی بە ڕەچەڵەک ئینگلیزییە، لە بواری فەلسەفی سیاسیی ناوێکی دیارە، چەندین بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە، بەناوبانگترینیان(لیڤیسانس)ە.

٣- جۆهان گۆتفرێد هێردەر(١٧٤٤_١٨٠٣)، فەیلەسوفێکی ئەلمانییە، لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا نووسینی هەیە، یەکێک لەبەرهەمەکانی لێکۆڵینەوەیە لەسەردەمی ڕۆشنگەری.

٤- کالیرڤۆ ئۆبێرگ( ١٩٠١_١٩٧٣)، ئەنسرۆپۆلۆژتێکی خەڵکی کەنەدایە. کتێبێکی لەسەر شۆک کەلتوور هەیە، لە ساڵی ٢٠٠٦ لەسەر ئەرکی خێزانەکەیان بۆ جارێکی دیکە چاپ دەکرێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا ئەم چاپەی ساڵی ٢٠٠٦ بەکارهاتووە.

٥- **Culture Shock**: دۆخێکە لەئەنجامی رووبەرووبوونەوەی کەلتووری روودەدات، کاتێک کەسێک لەرێگەی کولتوورەکەیەوە، کەسایەتیەکی جێگیر و نۆرم گرتووی لەنێو کۆمەڵگەی خۆیدا بەرهەمهێناوە، کەچی لەوڵاتی خانەخوێی تووشی پێکدادانی کەلتووری دەبێت، نازانێ دەست لەکامەیان بەردا و دەست بەکامەیانەوە بگرێت، ئەم حاڵەتەش لەدڵەراوکێ و نەسازانی کۆمەڵایەتی بەدوور نییە، شۆکی کەلتووری دەشێ دۆخێکی پۆزەتیڤی هەبێت، کاتێک تاکەکانی سەرسام دەبن بەدونیای تازە بینراوی تاراوگە، بەئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەرییەکانی، بۆ نمونە ئەو پێشکەوتنانەی دونیای ئەلیکترۆنی بەرهەمیهێناوە، بەئاسانی لای تاکی تاراوگە پەسند دەکرێت.

٦- ماركس ئیلیزابێس، تا ئێستا لە ژیاندا ماوە، دکتۆرای لە بواری سایکۆلۆژیدا هەیە. بۆ زیاتر زانیاری بۆ ئەم لینکە بگەڕێوە/http://elisabethmarx.com/about

٧- ئەم چەمکە لەنێو سیستەمی کەلتوور،بەمانای وەرگرتنی کەلتوور دێت، ئەو کەسەی کەلتوورەکە وەردەگرێت لەنێو کۆمەڵگە و خەڵکی جیاواز لە کەلتووری خۆی بێت. تێرمێکی دیکەی نێو سیستەمی کەلتوور، (subculture,portcultur)ە، ئەم تێرمانە ئەگەرچی دەشێ لەکەلتووری وڵاتێک ببینرێت، بۆنموونە هەر گوندو مەڵبەندێکی ئاوایی لە وڵاتدا، کەلتوورێکی تایبەتی خۆی هەیە، یاخود تیرە، هۆز، عەشیرەت، کەلتوورێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمە بەوردە کەلتوور ناودێر دەکرێت، کەچی هەموو ئەمانە پێکهێنەری کەلتوورێکی گەورەترن بەکەلتووری وڵات یاخود نەتەوە دەناسرێتەوە، بەو مانایەی دەچنە نێو بازنەیەکی گەورەترەوە بەکەلتووری گشت دەناسرێت . ئەم تێرمە وەکو لێکەوتەیەکی تاراوگە لەسیستەمی کەلتووری خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، بەشێوەیەک تاکی تاراوگەبوو، لەچاو مەڵبەندە ژیارییەکانی وڵاتی خانەخۆێ، کەلتوورەکەی وردە کەلتوورە، کەچی کەلتووری وڵاتی خانەخوێ کەلتووری گشتە، بەمەش کەلتووری تاکی تاراوگەبوو دەچێتە نێو بازنەیەکی گەورەتر لە کەلتووری خانەخوێی( Rapport and Overing, 2000 , p:357).

٨- زوهرین دودا، لە ژیاندا ماوە، پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بواری کۆمەڵناسی، لە زانکۆی هاوساوانە وانە دەڵێتەوە. بۆ زیاتر زانیاری بۆ ئەم لینکە بگەڕێوە https://scholar.google.com/citations?user=sPydrBQAAAAJ&hl=en:

٩- ئایا، کەلتوور ڕۆڵی هەیە لەبونیادی دەوڵەت؟ لە ڕەوتی مێژوودا دوو تێــروانین ســەبارەت بەدروســت بــوونی دەوڵەت هەیە، یەکێکیــان تێروانینــی فەرەنسیەکانە پێیانوایە دەوڵەت، نەتەوە دروست دەکات، دروست بوونی ئەم نەتەوەیەش کەلوورێکی هاوبەش دروست دەکات، کە تیایدا مافی هاوڵاتی بوون سەروەر و بەیاسایی کراوە، تەواوی ئەو هاوڵاتیانەی لەسایەی سیستمێکی هاوبەشی سیاسیدا یەکیانگرتووە، هەموو هاوڵاتیەک بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەلتوور، ڕەگەز، ڕەنگی پێست، ئیتنیک، لە سنووری وڵاتێکدا کۆبوونەتەوە. ڕاکەی تر سەبارەت بەدروست بوونی دەوڵەت، لەسەر گرنگی پێدراوە کەلتوورییەکان دەوەستێت، بەشێوەیەک ئەڵمانییەکان دەست پێشخەری هێنانە پێشەوەی ئەم بیرۆکەیەن، کەوا پێیانوایە، نەتەوە، دەوڵەت دروست دەکات، کاتێک بنەمای ئیتنیکی، زمان و کەلتووری هاوبەش، کە هەستی ئینتمای هاوبەش و هاوچارەنووسی لای گەل دروست دەکەن. لێرەدا لەسەر بنەمای ئینتما بۆ هاوڵاتی، بەڵکو ئینتما بۆ رەگەز، کەلتوور دەبێتە بنەمای دروست بوونی دەوڵەت، ئەڵمانیا یەکێک لەو وڵاتانەیە کەلتووری هاوبەش ڕۆڵی لە دروستکردنیدا هەبووە. ئەو سەرنجەی لێرەدا مایەی تێڕامانە ئەوەیە، هەموو ئەو وڵاتانەی لەسەر بنەمای کەلتووری هاوبەش دروست بوون، دواتر بە هاوکێشەی زۆرایەتی و کەمایەتی حوکمی وڵاتیان بەڕێوە بردووە، ئالێرەوە کەلتووری زۆرایەتی دەبێتە دەزگای سیاسی و یاسایی گەرەنتی ماف و ئازادی زۆرایەتی دەکات، لەمجۆرە وڵاتانە دەوڵەت تەنیا دەربری ئیرادەی زۆرایەتییە، شتێک بەناوی پێکەوە هەڵکردن و تەبایی نەتەوەیی نین، لەجیاتیان زەبرو زەنگ و سەرکوتکردن ناوەرۆکی دەوڵەت پێکدێنێت(سابیر،٢٠٠٩، ل٩_١٠).

١٠- ویلیەم گراهام سمنر(١٨٤٠_١٩١٠)، یەکێکە لە زانایانی بواری کۆمەڵناسیی، بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئەمریکایە و لە زانکۆی یەڵ مامۆستابووە. یەکێک لە کتێبەکانی بەناوی( folkways)ە، لە ساڵی ١٩٠٦ چاپی کردووە، بەڵام دوایی خۆی بۆ جاری دووەم چاپ دەکرێتەوە. ئەو سەرچاوەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە هی چاپی ساڵی (١٩١١)ە.

## ئەنجامەکان

- بەکۆمەڵایەتیبوون بە هەردوو دیوە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکەیدا لەسەر تاراوگەبووانی نێو ئەم ڕۆمانەدا کاریگەری هەیە.

- لە دۆخی کەلتوور وەرگرتندا، هیچ کەسایەتیەکی نێو ڕۆمانەکە، هەڵگەڕانەوە و پشت تێکردن لە کەلتووری باوانی بەدی ناکرێت، بەڵکو تێکڕای کەسایەتییەکانی نێو رۆمانەکە، لە هەوڵی پاراستنی کەلتووری ڕەسەنیاندان، هەر یەکەیان بەهۆی شێوازی تاکەکەسییانەی خۆیانەوە هەوڵەکەیان دەستەبەر دەکەن.

- کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە، لەسەرزەمینی تاراوگە، ئیسنۆسەنتەریزمێکی کەلتووری سەخت لەبەرامبەر کەلتووری وڵاتی خانەخوێ پەیڕەو دەکەن، بەو مانایەی کەلتووری باوانییان بە باڵاتر و ڕەسەنتر دەزانن. بە تایبەتی محەمەدی حاجی زادە، وەکو مەلایەکی تاراوگەبوو، پاراستن و مانەوەی کەلتووری باوانییان بە ئەرکێکی ئایینی دەزانێت.

## لیستی سەرچاوە

### سەرچاوەی کوردی:


-حەسەن، (پ.د.) سەمیر ئیبراهیم: (٢٠١١)، کەلتوورو کۆمەڵگە، وەرگێرانی، عبدالله مەحمود زەنگەنە، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک.

-سـابیر، ڕەفیـق(د.): (٢٠٠٨)، كولتـوور و ناسـیۆنالیزم،چ٣،چاپخانـەی تیشك، سلێمانی.

-وسووقی و خولّق، مەنسوور، عەلـی ئەكبەرنیـك:(٢٠١٣)، بنەمەكانی كۆمەڵناسـی، وەرگێرانـی، سـیروان مـحەمەد حـاجی، چاپخـانەی موكریانی، هەولێر.

-پیربالّ، فەرهاد: (٢٠١٠)، هوتێل ئەورووپا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.


## سەرچاوەی ئینگلیزی


-Bailey, Garrick and peoples, James:(2010), Essentials of Cultural Anthropology, 2ed,library of Cengage, USA.

-Bocock,Robert:(1987),Hegemony, Tavistock Books, U.S.A .

-Doda, Zerihun:(2005), **Introduction to Sociology**, Debub University.

-Frønes, Ivar :(2006),*The Autonomous Child*, springer published, oslo.

-Hall,Stuart and Gieben,Bram:(**1995),**Formations of Modernity**,** Redwood Books, Trowbridge, UK.

-HALL, STUART and GAY, PAUL DU:( 2003), Questions of Cultural Identity,SAGE Publications Ltd, London.

-Little,William, Introduction to Sociology–1st Canadian Edition, Rice University, open text, ch1.

-Marx,Elisabeth:(1999).Breaking through culture shock. Nicholas Brealey publishing.London.

–*Oberg,**KALERVO:**(2006),Cultural shock: Adjustment to new cultural environments, Practical Anthropology, Cambridge Scholars Publishing,UK.*

-Rapport,Nigel and Overing,Joanna:(2000),SOCIAL AND CULTURAL ANTHROPOLOGY, Rutledge, London.

-Sumner, William Graham:(1911), Folkways, GINN, Company publisher, Boston, U.S.A.

-Taylor, Edward.b:( 1985),primitive culture,3ed,John Murray, London.

-Williams, Raymond:(1985),Keywords: A vocabulary of culture and society, Oxford University Press, New York.

**سایتی ئەلیکترۆنی:**

https://www.ldoceonline.com/ dictionary/culture

Abstract

Culture as one of the most significant disciplines among social sciences has many definitions. All the definitions stress on the role of culture and its impact on people's daily life through attitudes and lifestyles. Since diaspora is area were different cultures collide, individuals try different techniques to introduce their cultures and highlight their own cultural identities. For this reason, individuals in diaspora are highly influenced

by different trends of culture. Through these intercultural interactions, the individuals will acquire different trends intentionally or unconsciously. Novel writers in diaspora are the best presenters of these influences as they feel these developments through their works. The characters are the most influential techniques that offer, explain and represent these cultural developments.

ملخص

الثقافة باعتبارها واحدة من أهم التخصصات بين العلوم الاجتماعية لديها العديد من التعريفات. تشدد جميع التعاريف على دور الثقافة وتأثيرها على حياة الناس اليومية من خلال المواقف وأنماط الحياة. وبما أن الشتات هو منطقة تتصادم فيها ثقافات مختلفة ، فإن الأفراد يحاولون أساليب مختلفة لإدخال ثقافاتهم وإبراز هوياتهم الثقافية الخاصة .لهذا السبب ، فإن الأفراد في الشتات يتأثرون بشكل كبير بالاتجاهات الثقافية المختلفة .من خلال هذه التفاعلات بين الثقافات، سيكتسب الأفراد اتجاهات مختلفة عن قصد أو دون وعي. الكتاب الرواد في الشتات هم أفضل مقدمي هذه التأثيرات لأنهم يشعرون بهذه التطورات من خلال أعمالهم. الشخصيات هي التقنيات الأكثر تأثيرا التي تقدم وتوضح وتمثل هذه التطورات الثقافية.